ئێران مانگی دەستکردی فەخر-1 بە بەشایی ئاسمان هەڵدا



ئێران ئەمڕۆ هەینی هەڵدانی مانگی دەستکردی "فەخر-1"ـی بە بەشایی ئاسمان بە بەکارهێنانی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ ڕاگەیاند.

بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران، مانگی دەستکردی ناسراو بە "فەخر-1" لە خولگەی 410 کیلۆمەتریدا دانراوە و ئەم مانگە دەستکردە یەکەم سیگناڵ بە وەستگە زەمینیەکان ناردووە.

مووشەکی هەڵگری مانگی دەستکردی سیمرگ، تاکە مووشەکی ئاسمانی ئێرانیە کە پێرەی پێدراوە بە هەڵگرتنی ئەم جۆرە مانگە دەستکردانە بە خولگەی LEO بەدەوری زەوی و کێشەکەی 80 تۆنە و لە قەناغی یەکەمدا 105 چرکە و لە قەناغی دووەمدا 340 چرکە دەسوڕێتەوە و خێراییەکەی لەکاتی تێکردنی مانگی دەستکرد و مووشەک بە خولگەی زەوی 7754 مەتر لە چرکەیەکدایە.